www.kurdistannet.org
یەکاتی ناوەندی ئەوروپا 28-4-2007 1:25

## عەباس حەسیب: مەبەستمان هیچ کەسێک نییە، بەڵام ئەمەیە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کفری ... چیا قادر

پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کفری لەساڵی 2001 ەوە دامەزراوە و خاوەنی سێ بەشە. هەریەك لە بەشەکانی" مۆزیك و شێوەکاری و شانۆیە. " ئەم پەیمانگایە نەبوونی مامۆستای زۆر چێشت ئێستا هەر بەوەشێوەیە. ئەم پەیمانگایە دەکەوێتە گەڕەکی ئازادی شارەی کفریەوە. لەسەر دەستی لەسەر دەستی چەند مامۆستایەکی بەتوانا دامەزراوە وە لەو مامۆستانەش کە تائێستا ماون لەگەڵ ئەوەشدا کەکێشەیەکی زۆرمان هەیە، بەڵام ئەو مامۆستانەش تاوەکو ئێستا کۆڵیان نەداوە و بەدەوامیشن لەسەر ئەرکەکەی خۆیان. پێشتر لەسەرە وە ئاماژەم پێکرد ئەم پەیمانگایە لەسێ بەش پێکهاتوە ئەوەی گرنگ بێت لێرەو من بمەوێت باسی لێوە بکەم بەشی مۆزیکە ئەم بەشە لەسەر دەستی مامۆستایەك راوەستاوە ئەویش"مامۆستا سەلاح شاکر" ە کە سەرۆکی بەشی مۆزیکەو بەتەنها خۆی وانەکان دەڵێتەوە و تاوەکو ئێستا درێغی نەکردوە لەگەڵمان و بەردەوامیشە لەسەر ئەرکە هونەرێەکی خۆی ... ئەو خوێندکارانەی کە تەخەروج ئەکەن بەمامۆستای هونەری دابمەزرێن لە قوتابخانەکانی کفری و دەو رو بەری ئەگەر بتوانانین ئێمە وەکو خوێندکاری پەیمانگا چەند خوێندکارێك پێکبهێنین و کەببنە مامۆستا لە پەیمانگا کەلە وانە لە قوتابخانەکان سودیان لێوەربگرن و فستیڤاڵەکان و ئاهەنگەکاندا، مەبەستم لەمانە ئەوەیە کە بەشی مۆزیك بەستی ئەمێنێتەوە ئەگەر ئەو ئەرکانەی خۆی بەرێوە نەبات!! بەڕێوەبەردنی بەشی مۆزێك چۆن ئەبێت لەسەر دەستی یەك مامۆستا بەڕێوە ببرێت!! سەرۆك بەشی مۆزیك زۆر ماندوە ئەمە مەدح نییە تەنها حەقیقەتێکەو هیچی تر.. چەند مامۆستایەك بەعەقد هێنراون بۆ پەیمانگاکە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی ئەو بەشە زۆر بەباشانە وانەکانی خۆیان ئەڵێنەوەو و ئەو بۆشاییانە پڕ کردۆتەوەو و خوێندکاران لەهاتنی ئەو مامۆستایانە توانیویان تواناکانی خۆیاننیان بۆ ئێمەی خۆیندکاری پەیمانگا بسەلمێنن ئەو مامۆستانەش کەوا بە عەقد هاتوون بۆ وانە وتنەوە ناودارن و ژەنیارێکی بەتوانان لە بوارەکانی خۆیان.. ئەم پەیمانگایە زۆر چالاکیە کردوە و چەند ئاهەنگێکی لەناوەو دەرەوەی شاریش کردوە هەرچەندە بێ مامۆستایش بووە، لەگەڵ ئەوەشدا سەلماندوماندویەتی کە ئێمە چۆن کارئەکەین و خەڵکی تریش چۆن کار دەکات چۆن بەحەقانەت بێ ئێمە زۆر بە زۆرێکی ئەوانە باشترین کەوا بەبەردەوامی مامۆستایان هەیە.. ماوەیەکی پێش ئێستا لەشاری خانەقین بانگێشت کراین بۆ ئاهەنگێکی ساڵانە و بەرزکردنەوەی ئاستی خۆمان و ئاستی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی خانەقین بەدەست و پەنجەی خوێندکارێکانی پەیمانگاکەمان توانیمرن سەرنجی ئەو بەڕێزانە رابکێشین کەوا لەناوەو دەرەوەی هۆڵەکە دانیشتوە ئەمیش یەکێك لەبەڵگەکانی ئێمە کەوا بێ مامۆستایان و بەتوانایشین! ئەو خوێندکارانەیش جێگەی رێزە ئەگەر من باسیان بکەم. پەیمانگاکەمان نەك هەر ئەو چالاکییەی هەیە بگرە زۆرترین چالاکیشی کراوە، ، پەیمانگاکەمان زۆر پێویستی بەهاوکاری کردنی وەزارەتی پەرەوەردەو حکومەتی هەرێمە چونکە لەهیچ کاتێکدا ناتوانرێت ئەگەر بێت و تۆ هاوکاری نەکرێت کار بکەیت ئەگەر بێتو لەگەرمیانیشدا بیت. پێویستە حکومەتی هەرێم و پەروەردە با ئاوەڕێك لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کفری بدەنەوە، بۆ ئەوەی کەمو کوڕییەکانی بێ مامۆستایمان بۆ چارەسەر بکەن و بۆ ساڵێکی تر با بتوانین زاڵبین بەسەر مۆسیقا و چالاکییەکانمان وەکو پەیمانگاکانی تری کوردستان ببەینە دەرەوەی وڵات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.